هیچ کەسێکم نەبینووە لەوانەی کە قژیان هەتاوەکو نێو شانیان درێژە لە نێو جلێکی ڕەش وخەتی سوری تێدابێت جوانتر بێت لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-

لە بەرائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیچ کەسێکم نەبینووە لەوانەی کە قژیان هەتاوەکو نێو شانیان درێژە لە نێو جلێکی ڕەش وخەتی سوری تێدابێت جوانتر بێت لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، قژی هەتا نێو شانەکانی درێژ بوو، ونێو شانەکانی پان بون (چوار شانە بووە)، (باڵای) نە کورت بوو ونە درێژ بوو بەڵکو مامناوەند بوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

بەرائی کوڕی عازیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هیچ کەسێکی نەبینووە جوانتر بێت لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەوانەی کە قژیان هەتاوەکو نێو شانیان درێژە وجلێکی ڕەشیان لەبەردایە تێکەڵ بە خەتی سوور، لە سیفەتە لاشەییەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-: نێو شانەکانی پان بووە (چوار شانە بووە)، باڵای مامناوەند بووە نە کورت بووە ونە درێژ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2990